# له دادگای شەریعەی کەنەداوە
# بۆ
# دەستوری شەریعەی عێراق

**سەردار عبدالله حمه**

**سپتەمبەر 25\2005**



ئەوە دوو ساڵ زیاترە ئیسلامی سیاسی لە کەنەدالە هەوڵی داسەپاندنی دادگای شەریعەی ئیسلامی یە وەك یاسا بۆ ئەو خەڵکانەی لە وولأتانی بە ناو ئیسلامی یەوە هاتوون لە هەرێمی ئۆنتاریۆ ( کە گەورەترین هەرێمی فیدراڵی کەنەدایە ) نیشتەجێن.

وە دەیەویست ئێرە بکاتە پێگەیەك و سەرەتایەك بۆ بە یاسایی کردنی دادگای شەریعە لە سەرتاسەری کەنەدا و وولأتانی رۆژئاوا وە بکەونە گیانی ئەو کەسانە یا ئەو ژنانەی لە ژێر چنگی ئیسلامی سیاسی و یاسای ئیسلام و کولتوری عەشایری لە وولأتانی بە ئیسلام لێدراو هەڵهاتوون و پەنا یان بۆ ئەم وولأتانە هێناوە .

کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ئازاد کردنی چارەنووسی ئەو خەڵکەو رێ گرتن بەو کۆنە پەرستیە دوو ساڵە کەمپینێکی بە رێوە بردووە لە ژێر رابەری هوما ئەرجومەند و جلیل بهروزی (کادرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران )سەرە نجامی کێشمە کێشەکە بە سەرکەوتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری کۆتایی هات. لە پاش خۆ پیشاندانە گەورەکەی8\9 کە هۆما بانگەوازی بۆ کردبوو بە بەشداری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق و چەندین لایەن و کەسایەتی چەپ و سکۆلاریستی کەنەدایی وجیهانی تێیدا سەرۆکی حکومەتی ئۆنتاریۆ لە11\9\ 2005 بە رەسمی رای گەیاند کە نەك یاسای ئیسلام بەڵکو یاسای هیچ ئایینێك بە رەسمی ناناسرێ لە دادگای کەنەدادا.ئەمەبووە مایەی خۆشحاڵی و ئاهەنگێرانی کۆمۆنیستەکان و سکۆلاریستەکانی کەنەدا وەە.تا ئیستا زیاتر لە هەزار برووسکەی پیرۆزبایی لە وولأتانی وەك کەنەدا و ئەمەریکا وئەوروپا و هندستان و یابان و ئێران وعێراقەوە ..بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوەوە لە لایەن خەڵکانی کۆمۆنیست و سۆسیالیست وئازادیخوازەوە وەبە تایبەت ژنان بە کەمپین گەیشتووە

هەر لەم کاتەدا مەسەلەیەك لە عێراقدا لە ئارادایە ئەویش دەستوورە کە ئیسلامی سیاسی دەیەوێ لەم رێگایەوە ئەو کارە ئەنجام بدات کە ئیسلامی سیاسی ویستی لە کەنەدا بیکا ئەمجارە بە هێزی دەوڵەتەوە.

## دەستوروچەواشەکاری دەنگدان

بڕیارە لە15ی ئۆکتۆبەردا سووکایەتی یەکی تر بە خەڵکی عێراق بکرێتەوە جارێکی تر بهێنرێنەوە پێش سەندوقی دەنگدان بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بۆ ڕەشنووسی دەستوور کە ئەم دەنگدانەش هەر وەك ئەوانەی پێشوو تر ئەڵقەیەکە لە زنجیرە سیاسە تەکانی ناو ئەو سیناریۆ ڕەشەی کە ئەمەریکاو هاو پە یمانان لە داگیر کردنی عێراقەوە دەستیان پێ کردووەو بارو دۆخێکیان پێك هێناوە کە نا ئەمنی وتیرۆر و فەسادی ئیداری ودزی و ڕاو و رووت لە لایەك و نەبوونی خزمەت گوزاریەکانی ئاووکارەبا و دەرمان و نەخۆشخانە بۆ هاووڵاتیان لە لایەکی ترەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خرا پتر دەبێت , بۆیە دەکرێ ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی ناڕەزایەتی دژی ڕەشنووسی دەستوور وخەڵك هەقیەتی هاوار کەن و بلێن بەسە چەواشەکاری دەنگ بە چی بدەین ؟ بە دەستورێك کە سەدان پێوەندی کردوەتە ماف و ئازادیەکانی ئێمە بە هۆی لە بەرچاو گرتنی داب و نەریت وئایینی ڕەسمی دەوڵەت کە ئایینی ئیسلامە دەستوورێك کە تێیدا هاتووە نابی هیچ یاسایەك دابنرێ دژ بە داب و نەریتی گشتی بێ هەر وەك سەددام ووتەنی کە دەیووت نابێ دژ بە گەل و نیشتمان بێ هەر بۆیە عێراقی خەڵتانی خوێن کردبوو چونکە بە پێی دەستورەکەی ئەو , ئەو خەڵکە کوژراوە لایان داوە لە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان و خیانەتیان کردووە .

هەر زۆر دوور نیە ئەم مێژووە لە داهاتووی عێراقی ژێر سایەی ئەم دەستورە بە شێوەیەکی تر دووبارە بێتەوە . ئەو کاتەلە ژێر ناوی لادان لە داب و نەریتی گشتی و لە ئیسلام هێرش بکرێتە سەر کرێکاران ,ژنان ,لاوان , ئۆپۆزسیۆن,ڕۆژنامەکان ,کتێبخانەکان و ..هتد بە کافر و سووکایەتی بە پیرۆزیەکانی ئیسلام و بەرەڵاو بێناموسی مەحکوم دەکرێن و سزاکەشیان یا دەبێ سەنگسار یا ئیعدام بێت وەك ئەوەی لە ئێرانی ژێر سایەی ئیسلامدا ئەبینرێ , یا وەك ئەوەی ژنەکان لە لایەن کەسوکاریانەوە بکوژرێن دەستیان سەوز ئەبێ یاساش بۆی نییە بکوژان سزا بدات چونکە ئەو ژنانە لایان داوە لە داب و نەریتی گشتی وەك چواردە ساڵی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لە کوردستان .

## کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێگا چارەیە

بە چاو خشاندن بە ڕووداوەکانی عێراق و جیهان دا لە م چەند دەیەی دوایدا ئەو ڕاستی یە دووپات بووەتەوە هیچ باڵێکی بورژوازی درێژە پێدەری ئاما نجەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا نین کە جیایی دین لە دەوڵەت و دین وەك کاری شەخسی بێت یا هاووڵاتییان مافی یەکسانی یان هەبێ یا ئازادی بێ مەرج هەبێ بۆ بیر و را و ئەحزابی سیاسی و ڕێکخراو بوون و مانگرتن و خۆپیشاندان و ژنان مافی یەکسانی هەمە لایەنەیان هەبێ و سزای ئیعدام هەڵگیرێ لە سەر تاوانباران ومافی چارەنووس بۆ خەڵکی ستەم لێکراو....هتدلەمرۆدا کام جۆری بۆرجوازی هەیە خوازیاری ئەم مافانە بێت, لە راستییەوە بگرە تا لیبراڵی تا دیموکراتی و تا ریفورمیستی تا چە پەکەی .

شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسا ئەم ئامانجە سکۆلاریستانەی هەبوو بەڵام بۆرژوازی ئەمرۆ پشتی لێ ی کردووە .
چاو بکەن لە بۆش و بلیەرو تاڵەبانی و بارزانی وعلاوی و حیزبی شوعی( ئەمانە ئیدیعای سکۆلار بوون و دیموکراتی دەکەن ) کە چ حکومەتێکی یان بۆ عێراق دەوێ دینی رەسمی هەبێ کە ئیسلامە,ئازادی بە مەرجی دەرنەچوون لە داب و نەریتی گشتی ,مافی هاووڵاتی نابێ یەکسان بێ ئەبێ لە سەر بنەمای کەم و زۆری مەزهەب و میللەت و تایفە بێ.
سزای ئیعدام هەبێ, ژنان نابێ یەکسان بن لە گەڵ پیاوان چونکە دینی رەسمی ئیسلامە و ژن ناقص العقلە, خەڵکی ستەم لێکراوی کورد مافی سەربەخۆییان نیە,زۆرشتی تر .بۆرژوازی ئەم سەردەمە دابڕاوە لە بەرژەوندی ئینسان سەرسەختانە دژایەتی ئینسانیەت دەکا,بۆیە هەر جۆرە خۆشباوەڕیەك بەو حکومەت و ئەحزابە بۆرجوازیانە بە سکۆلار بوونیان دواخستنی ئینسانە لە گەیشتن بە مافەکانی خۆی بە داخەوە ئەمڕۆ باڵی ئۆپۆرتۆنیستی (انتهازی) حیزبەکەی ڕێبوار احمد (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) لە ڕێگای کۆنگرەی ئازادی عێراقەوە ئەم کارە دەکا گوایە هەندێ باڵی بۆرجوازی سکۆلاریستن دەکری اتفاقیان لە گەڵ بکرێ .
سەرکەوتنی سکۆلاریزم لە کەنەدا نیشانی دا کە کۆمۆنیزمی کرێکاری هەڵگری سکۆلاریزم و مافەکانی ئینسانن وسۆسیالیستەکانن دەتوانن لەم سەردەمەدا دەسکەوت بۆ ئینسان بە دەست بێنن .بەبێ خەبات بۆ سۆسیالیسم مەحاڵە بە دەست هێنانی کۆمەڵگای سکۆلاریش .
کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراقدا سەرەرای ئەوەی کە ئەم سەرکەوتنە بە دەستکەوتیکی مێژوویی خۆی دەزانێ ئەمرۆ ئالای خەباتێکی هەڵکردووە کە هۆما ئەرجومەند و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران وسەدان هەزار کرێکار و کۆمۆنیست و سکۆلاریستی جیهانی لە پشتەوەیەبۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری ئەمەریکی و بەریتانی وچەك کردنی لایەنە تیرۆریستە ئیسلامی و ناسیۆنالیستی یە عەرەبی یەکان و هەڵوەشاندنەوەی کاریکاتۆری رەشنووسی دەستووری پشت بەستوو بە شەریعەی ئیسلام وە رزگار کردنی خەڵکی عێراق لەم سیناریۆ و چارەنووسە رەشە .جارێکی تر خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسی لە 2005\9\23 لە شارەکانی واشنتۆن (کە جۆرج بۆش یان هێنایە قسە ) و لەندەن و رۆما و شارەکانی تری ئەمەریکا و کەنەدا و ئەوروپا و ئۆستڕالیا و یابان کە خوازیاری کۆتایی هێنان بوون بە داگیر کردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی ترەوە بەڵگەی هاتنە مەیدانی چەپ و سکۆلاریزمە بەڵگەی قسەکانی منە بەڵام ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕابەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە بکات دڵنیام نەك بە سەرکەوتنی خۆی دەگەیەنێ بەڵکو دونیا یەکی باشتر بەدی دەهێنێ چونکە سەرکەوتنی ئینسانیەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە بەندە خۆشبەختانە ئەم ڕەوتە لە گەشە کردندایە چ لە ئاستی گشتیدا چ لە ئاستی عێراقدا هەر لێرەوە ئەیڵێمەوە جارێکی تر با ئەم رەوتە بە هێز ترکەین با لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق کۆ بینەوە بەرە و تێکشانی دەست ووری شەریعەو کۆتایی هێنان بە بارودۆخی ناهەمواری ئەمڕۆی عێراق هەنگاو هەڵگرین